# رەهەندە میتۆلۆژییەکانی مۆدێرنیزم

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: ئازاد خدر

✿ مۆدێرنیزم لەنێو کارەکانی (چۆیس) و (ولف) و (پروست) و (تۆماس مان) و (د. ه. لۆرانس) و (هنری جێمس) و (ساروت) و ئەوانی دیکە، دابڕانێکی ئیپستمۆلۆژی تۆمار کرد. ئەم دابڕانەش لە ئەدەبی کلاسیکی و تەقلیدی (Tradition) وەک خۆپاراستن بوو لە ئامانج و دیدو فۆرمی ریالیزمی.

لە راستیدا تاکو ئێستاش، پراکتیزە و چۆنیەتی رەهەندەکانی ئەم خۆپاراستنە فەلسەفییە لە ئەدەبی ریالیزم، مشتومڕێکی یەکجار زۆری لەسەرە، چونکە مۆدێرنیزم تێزێکی هزری- ئێستێتیکی دیکەی بەدواداهات و ئەم دابڕانەی قووڵتر و فراوانتر بەرجەستە کرد، ئەویش تێزی پۆست مۆدێرنیزمە، ئەوەی بووە مایەی کاردانەوەی جۆراوجۆری رەخنەگر و خوێنەران، هەندێک لەم رەخنەگر و خوێنەرانە پشتگیری و دەستخۆشیان لێکرد، کەچی هەندێکی دیکەیان بە پێچەوانەوە دژی وەستا و بە (هەڵەیەکی ئیستمۆلۆژی) لە ئەدەبدا لە قەڵەمدا. لەو رەخنەگرانەی کە دژی ئەم تێزە نوێیە وەستا و داکۆکی لە ئەدەبی ریالیزمی کرد، (ئەریک ئۆرباخ) بوو، ئەوەی لە کتێبەکەیدا (Mimeses: محاکاە) دەڵێ (یولیسیس چۆیس، بریتییە لە کەشکۆلێکی ho-dygspodge دژواری تەنزئامێز و تۆقێنەر و قیژە و هات و هاوارێکی سیمبولی، کە بە هیچ جۆرێک راڤە ناکرێ. گشت رۆمانەکانی قوتابخانەی شەپۆلی هۆش، وەک ئەم رۆمانەی چۆیس، دەبنە مایەی رەشبینی و جاڕسی خوێنەر، چونکە لە نێو ئەم جۆرە رۆمانانەدا، هەردەم شتێکی نادیار و تەماوی و ئاڵۆز بەدی دەکرێ، شتێکی دژ بە ریالیزم، کە مۆرکی خودی مۆدێرنیزمە).

بێگومان ئێمە کاتێک کە مۆدێرنیزم هەڵدەسەنگێنین و بەراوردی دەکەین لەگەڵ ریالیزمدا، دەبێ رەچاوی هەل و مەرج و قۆناغە مێژووییەکانی هەردووکیان بکەین. مەبەستمان ئەوەیە، (چۆسەر) یان هەر ریالیزمێکی دیکەی وەک (زۆلا) و (تۆلستۆی) لە رووی میتۆدی ئەدەبی و ئیپستمۆلۆژی و ئیستیتیکییەوە، جیاوازی ئەوتۆیان نییە لە نووسەرە مۆدێرنیزمەکانی وەک (پرۆست) و (پیکت) و ئەوانی دیکە، بەڵام رەنگە رەهەندە مێژووییەکانیان جیاوازبن. ئەوەشمان نابێ لەبیر بچێ، کە ریالیزم و مۆدێرنیزم و پۆست مۆدێرنیزم، تەمەنیان تەنیا لەوانەیە دووسەدە بێت لە مێژووی ئەدبی جیهانیدا کە تەمەنەکەی پترە لە سەدان هەزار ساڵ، بۆیە مۆدێرنیزم ناتوانێ شانازی بەخۆی بکات، کە جۆرە ئەدەبێکی نوێی بەرهەم هێناوە. کۆمەڵناس و دەروونناسان و زانایانی ئەنترۆپۆلۆژی زانیاری گرنگ و بەسوودیان پێبەخشین دەربارەی مێژووی ئەدەبی کلاسیکی و کۆن. بۆنموونە زانای ئەنترۆپۆلۆژی (چێمس فرێزەر) لە (golden Bough: الغصن الذهبی) دا و (چێسی و ستۆن) لە کتێبی (From Rit-ual to Romance: من الشعائر الیّ الرومانس)، زانیاری زۆریان خستەڕوو دەربارەی پەیوەندی ئاڵۆزی نێوان ئەدەب و رۆشنبیری و ژیان و بوویەری کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگە بەراییەکاندا، ئەوانەی- هەروەک ئەم دووزانایە دەڵێن- ئەدەب و کەلتوورێکی یەکجار دەوڵەمەند و درێژخایەنیان هەبووە.

زانای دەروونی (کارل گۆستاف یۆنگ)یش پتر لە (فرۆید)، ژیرانە راڤەی پەیوەندی نێوان پرۆسە زەینییەکانی مرۆڤ و ئەدەب کرد لە مێژووی دوور و درێژی مرۆڤایەتیدا، ئەمەش بووە هۆی بەدیارکەوتنی میتۆدێکی دیکە لە لێکدانەوەی پرۆسەی ئەدەب و کەلتوور، ئەویش میتۆدی (رەخنەی ئارچیتایپ Archetype)بوو، ئەوەی بۆ یەکەم جار راڤەیەکی تەواو و تۆکمەی دەربارەی ئەدەبی زارەکی و جیاوازییەکەی لە جۆری ئەدەبی نووسینەوەیی (تحریری) سازدا. هەروەها (مۆری) و (کۆنفۆرد) سەلماندیان کە لە نێو هەندێک زانیاری ئەدەبی نوێدا (extra literary) دەربارەی هزر، دەتوانین بەشێوەیەکی قووڵتر لە ئەدەب بگەین. لێرەشدا، مێژوونووسانی هونەر وەک (پانۆفسکی) و (رۆبەرتسۆن) رۆڵی بەرچاویان هەبوو لە بواری لێکدانەوەی هونەری سەردەمە کۆنەکانی پێش زاین. من زۆر جار بیر لەوە دەکەمەوە، پێشکەوتنی ئەدەبی لە هەندێ لایەنییەوە بە پێشکەوتنی ئۆرگانی -عضوی- بایۆلۆژی دەچێ کە مرۆڤ تێیدا خاڵی کۆتایی ئەو پرۆسەیەیە. بۆیە، رەنگە ئێمەی مرۆڤ، وەک ململانێیەکی خوێناوی سەیری ئەو پرۆسە سروشتییە یان ئەدەبییە بکەین، ئەوەی بریتییە لە پێشکەوتنی مرۆڤ لە بوونەوەرێکی ناتەواوەوە بۆ بوونەوەرێکی تەواو لە هەموو رووێکەوە، بەڵام- بۆ نموونە- ئەگەر (دیناسور) توانای ئاخاوتنی هەبوایە، لەوانەیە دیدوبۆچوونێکی دیکەی جیاوازی دەبوو بۆ ئەو پرۆسە سروشتی- ئەدەبییە. دەمەوێ بڵێم، لەوانەیە بتوانین هەمان شت بڵێین دەربارەی نووسەرە مۆدێرنیزم و پۆست مۆدێرنیزمەکان کە خۆیان بەجۆری ئەدەبی هەرە پێشکەوتوو هەژمارد دەکەن لەو پرۆسەیەدا، بەڵام ئەگەر -بۆنموونە- (هۆمیرۆس)ی مەزن دووبارە زیندوو

بوایەتەوە، لەوانەیە بۆچوونێکی جیاوازی دیکەی دەبوو سەبارەت بە پرۆسەی پێشکەوتنی ئەدەبی، بەڵام مخابن سروشت و مێژوو تەنیا یەک جار –رەچەڵەک– دروستدەکەن و دووبارەی ناکاتەوە.

بەهەر حاڵ، ئەم پرۆسە سروشتییە بە (ئەلیادە)ی (هۆمیرۆس) پەکی دەکەوێ، چونکە ئەم شاکارە، رەنگە چڵەپۆپەی ئەو پرۆسەیە بێت، هەر وەک چۆن (دیناسۆر)، مەزنترین خاڵی پێشکەوتنی بایۆلۆژییە.

بۆیە، پێویست ناکات شاکارە ئەدەبییەکان (بمرن)– وەک مۆدێرنیزمەکان دەڵێن– لەبەر ئەوە لە گەشەکردن وەستاون. دووبارەبوونەوەی ئەو شاکارانەش، کێشەیەکی (هەڵبژاردنی سروشتی)نییە، چونکە هەموومان دەزانین، پێشکەوتنی ئەدەبی زۆر ئاڵۆزترە لە پرۆسەی پێشکەوتنی سروشتی–بایۆلۆژی. لە ئەدەبدا، پرۆسە سروشتییەکان و هزری و ئیستیتیکییەکان تێکەڵاوی یەکتر دەبن. واتە لەوانەیە، هەندێک شێوە و شێوازی کۆنی ئەدەبی بەشدار بن لە سازدانی جۆرێکی دیکەی نووسینەوە و ئەفراندن.

(نۆترۆب فرای) لە توێژینەوەکانیدا، ئەو پرۆسە ئاڵۆزە بەم جۆرە پێناسە دەکات: (گونجاندنی کەلتووری گوتی Gothicو کەلتووری پلانی Sche matic) و دەڵێ: (ئەم پێناسە کورتە، بۆ چەواشەکردنی پرۆسە راستەقینەکانی ئاگایی و نائاگاییەکانی نووسەرە مۆدێرنیزمەکان نییە، بەڵکو بۆ چارەسەر و مامەڵەیەکی شیاو و تەواوە لەگەڵ ئەو پرۆسە ئاڵۆزەدا). (فرای)، خۆی بە یەکێک لە رەخنەگرانی دژ بە مۆدێرنیزم دەزانێ. زۆرجاریش ئەوە دووبارە دەکاتەوە لەکار و لێکۆڵینەوەکانیدا: (مەبەستم ئاشکراکردنی، ئەو پەیوەندییە جەوهەرییانەیە لە ئێستا و لە رابردووشدا، کە لە نێوان فۆرمە ئەدەبییە جیاجیاکاندا هەیە). بە بڕوای (فرای)، مۆدێرنیزم و ئەدەبی گێڕانەوەیی– سردی–Narrative– و ئەدەبی –تحریری، لە جیهاندا سەرچاوەکانیان، ئەدەبی زارەکییە –oral–. (پانۆفسکی)یش یەکێک لەو کەسانەیە کە پێیان وایە (شیعری مەلحەمی–Epic– زۆربەی فۆرمەکانی ئەدەبی ناراتیڤ– سردی– تێدا هەیە وەک میتۆلۆژیا و خورافیات و چیرۆکە فۆلکلۆرییەکان، ئەوانەی بوون بە کەلەپوورێکی گێڕانەوەیی لەنێوان رۆمان و مێژوودا). بێگومان، مەبەست لە گێڕانەوەی چیرۆکێکی کۆن یان داستانی– ملحمی– داهێنان و ئەفراندن نەبووە، بەڵکو پتر بۆ دووبارەکردنەوەی چیرۆکەکە و جۆری داهێنانەکەی بووە. بۆیە وشەی لاتینی (Mythes) واتە ئەفسانە، بۆ چیرۆکی کۆن بەکارهاتووە، واتە میتۆلۆژیا گوزارشت بووە لە چیرۆکێکی کۆنی ئەفسانەیی، ئەوەی دەتوانین دووبارە بیگێڕینەوە، لەبەرئەوە (ئەرستۆ) دەڵێ:

(Mythes گیانی کاری ئەدەبییە، کە بریتییە لە لاسایی کردنەوەی کارەکان). میتۆلۆژیای (موقەدەس:Sacrite )یش شێوازێکی گێڕانەوەی دابونەریت و راسپاردە ئاینییەکان و خورافات و چیرۆکە فۆلکلۆرییەکان بووە. لە راستیدا جەوهەری ئاشکرای تێزی مۆدێرنیزم، لە خۆ پاراستن و دوورکەوتنەوەی لە سیمبولە میتۆلۆژییەکان و گرێنج (حبکە: plot) ئەفسانەکاندا بەرجەستە دەبێ. بە بڕوای (فرای) ئەو خۆپاراستنە و دوورکەوتنەوەیە، لە دووشتدا بە دیاردەکەون: زمانە کلاسیکییەکان و دیالیکە–زاراوە– بەناوبانگەکان. لە راستیدا، دەتوانین بەشێوەیەکی گشتی بڵێین، پرۆسەی پێشکەوتنی ئەدەب، بە دوو دیدی جیاواز بەڕێوەچوو: ریالیزم و مۆدێرنیزم کە لە دواییدا بووە پۆست مۆدێرنیزم. هەردووکیشیان رەچەڵەکیان بۆ ئەدەبی میتۆلۆژی دەگەڕێتەوە، بەڵام (نئۆم چۆمسکی) دەڵێ (دوو توخمی ئەدەبی لە ئەدەبی میتۆلۆژی لە دایک بوونە: ئەدەبی پراکتیکی و ئەدەبی ناراتیڤ–سردی–) ئەمەش هەمان بۆچوونەکەی (هیگل)ە. هەر وەک دیاریشە ئەو دوو توخمە ئەدەبییە، دووجۆری راکردن لە کەلەپوور. لە رووی گێڕانەوەی چیرۆک– بەرجەستە دەکەن. لە (ئەدەبی پراکتیکیدا) –چۆمسکی دەڵێ– لەجیاتی پابەندبوون بە چیرۆکی میتۆلۆژی، ئاماژە بۆ پابەندبوون بە ریالیتی –راستی–دەکرێ، بەڵام لە ئەدەبی ناراتیڤدا، لەجیاتی پابەندبوون بە میتۆلۆژیا، ئاماژە بۆ پابەندبوون بە ئایدیال دەکرێ، ئەوەی دەتوانین دابەشی بکەین بۆ دوو جۆر: رۆمانسی و دیداکتیک (didactic) –تعلیمی–. لە ئەدەبی ناراتیڤدا، نووسەر ئازادە و رزگاری بووە لە کۆسپ و ئاستەنگە پراکتیکی و کەلەپوورییەکان و چاوی لە جیهانی دەرەوە نییە، بەڵکو چاوی لە خوێنەرانە، ئەوانەی دەیانەوێ دەقێکی بەپێز بخوێننەوە. واتە ئامانجی گەورەی ئەدەبی ناراتیڤ، جوانییە، یاخود خێرە– وەک ئامانجەکەی جیهانی ئەڤینی کە جیهانێکی ئایدیالە– یان وەک جیهانی شیعر کە ئامانجەکەی دادپەروەرییە، ئەوەی مایەی رێزی خوێنەرانە. سەبارەت بەم بابەتە، (ئۆکتافیوباز) دەڵێ: (دووبارەکردنەوەی توخمە دەروونییەکانی زەین، ئامانجی ناراتیڤی ئاساییە، کەچی بەخشینی هزر لە رێگەی رەوانبێژییەوە، ئامانجی رۆمانسیەتە). ئەدەبی (پراکتیکی) و (ناراتیڤ)، هەردووکیان گوزارشت لە رەتکردنەوەی رەهای (میتۆد)ە زانستییەکان دەربارەی (راستی رەها)، دەکەن. دەشتوانین ناو لە شێوەی (دیداکتیکی) جۆری ناراتیڤ بنێین، چیرۆکی خورافی، چونکە ئەم شێوەیە لای (چۆمسکی) بریتییە لە (مۆتیڤێکی رەوشتخوازی و هزری وەک مۆتیڤی ئیستیتیکی کۆنترۆلی چیرۆک دەکات). بەم جۆرە، لۆژیکی میتۆلۆژیا، لە چوارچێوەی ناراتیڤی رۆمانسییەوە، دەچێتە نێو چوارچێوەی دیداکتیکی، بۆنموونە، لە شیعرەکانی شاعیرێکی میتۆلۆژی وەک (فرگیل)، ئەو گۆڕانکارییەی سەرەوە بەدی دەکەین، ئەوەی دووبارە دەبێتەوە لە (کۆمیدیای خوداوەندی) دانتی دا. بە واتایەکی دی، شێوەی رۆمانسی و شێوەی دیداکتیکی لە جۆری ناراتیڤ، لە نێو شیعرەکانی (فرگیل) و (دانتی)دا، هاوکاری یەکتر دەکەن دژی هێرشەکانی ئەفلاتون بۆ سەر شیعر لە کتێبی (کۆمار)دا. (فرای) لە نووسینەوە سێکیولار– علمانی–یەکانیدا (Seculer Scripture)، بەراوردی نێوان –(باوەڕی موقەدەس Sacritefaith) و ئەنجیل دەکات و دەڵێ (مۆدێرنیزم شێوازێکە لە ئەدەبی فۆلکلۆری، جۆرێکە لە گەڕاندنەوەیەکی بوونخوازی بۆ عیسا) و هەندێ نموونە و پۆرترێتی (مەسیح) دەوروژێنێ لە رۆمانەکانی (کپلنگ) و (کافکا) و (هیمنگوای) و (فۆکنەر)دا. (فرای) دەڵێ (وێنەی کریست–عیسا– لەم رۆمانانەدا، بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەیە، کە لە ئاکامی لاوازبوونی بڕوای ئاینییەوە دروستبووە.

ئەو پڕکردنەوەیەش، لە رێگەی چەند چیرۆکێکی بوونخوازی و فۆلکلۆری و میللییەوە جێبەجێ کرا). بێگومان، ئەمەش هەمان هەوڵە (پرۆمسیۆس) ئاساکەی (نیتچە)بوو، بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە میتافیزیکییەی کە ئاین دروستی کردبوو، بەڵام بەبڕوای (نیتچە)، ئەو بۆشاییە لە رێگەی خوداوەندێکی دیکەوە پڕدەکرێتەوە، ئەوەی ئەم فەیلەسوفە ناولێنابوو (سوپەرمان)، کاتێک کە رایگەیاند– لە ساڵی ١٨٨٢زدا– (خوداوەندی راستەقینە بەدەستی ئاینی پیرۆزی مەسیحی و مرۆڤی بێدەسەڵات، مرد).■

**سەرچاوە:**

**وەرگێڕدراوە لە ئینگلیزیەوە:**

**Metaphysical values in Mod-) (ernism**

**ئەنتونێو بلانچ**